# شێرکۆ بێکەس

## لە سروشتەوە بۆ مێژوو: هەوڵێک بۆ هێگلیانیزەکردن

پێشڕەو محەمەد



٤ی ئابی ٢٠٢٥ وتار

«وشەی 'مێژوو' بەشێوەیەکی کورتخایەن لەسەر ڕووخساری سروشت دەنووسرێت. ڕووخسارناسیی ئەلیگۆرییانەی مێژووی سروشتیی، کە دەخزێنرێتە نێو درامای ماتەمەوە، لەنێو واقیعدا لەسەر فۆرم و شێوەی وێرانە دەردەکەوێت» - والتەر بنیامین، سەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانیی

چەمکی «مێژووی سروشـــتیی» (*Naturgeschichte*) چەمکێکی ســـەنتراڵی نـاو مێژووی فەلسـەفەیە لە هێگڵەوە بۆ واڵتەر بنیامین و بۆ ئادۆرنۆ. لانیکەم لە سـەردەمی هێگڵەوە، هیچ فەلســـەفەیەک نییە بتوانێت لەم ئایدیایە ڕابکات. واڵتەر بنیامین لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «ســەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانیی» (*Ursprung des deutschen Trauerspiels*) هەوڵ دەدات ســـەرهەڵـدانی مۆدێرنیتە، ئەلیگۆریی، و دارمـان و کەوتنی ئۆبژێکتەکـان و ئەزموونەکان بە تێپەڕینی کات، شی بکاتەوە. بنیـامین بەپشـــتبەســـتن بە هێگل مێژووی سروشـتیی وەک چەمکێکی بایۆلۆژیی یان زانسـتیی شی ناکاتەوە، بەڵکو وەک گۆشـەنیگایەکی فەلســـەفیی بۆ تێگەیشـــتن لە کارلێکی نێوان سروشـــت و مێژوو، کە تێیدا دەســـتکەوتە مرۆییەکـان، کولتوور، و مێژوو بە شـــێوەیەکی زووتێپەڕ ڕوو دەدەن، و لەم پرۆســـەیەدا هاوشێوەی پرۆسە سروشتییەکانی دیکە، چۆنایەتییەکانیان لەدەست دەدەن. لەم نووسینەدا دەمەوێت لە ڕوانگەی فەلســـەفەی فینۆمینۆلۆژیی هێگل و مێژووی سروشـــتیی بنیامینەوە برگەیەکی شـیعریی شـێرکۆ بێکەس بەسـەر بکەمەوە، کە تێپەڕینمان لە سروشـتەوە بۆ مێژوو پیشان دەدات، بەڵام ئەم تێپەڕینە لە سروشتەوە بۆ مێژوو دوو قۆناغی زۆر سەرەکیی و بگرە پێشـمەرجی هەیە: داسـتان و ئەفسـانە. لەنێو مێژووی ئەدەبی کوردییدا، کەس وەک شـێرکۆ بێکەس نەیتوانیوە بەم سێ دێڕە، ئەم قووڵاییە ئاوەڵا بکات. لەبەرئەوە، بۆ تێگەیشـــتن لەم بابەتە، پێویسـتە ئەو فەلسـەفەیە لە مێژوویدا بەسـەر بکەینەوە، کە لە هەموو فەلسـەفەکانی دیکە زیـاتر ئەم بـابەتەی شی کردووەتەوە: هێـگـل و بەدووایـدا واڵتەر بنیـامین، کە هەم بەقووڵیی هێگلییە و هەمیش لە زۆر شوێندا لێی جیا دەبێتەوە.

لە کەرتی «پێنجەم»ی دیوانی «خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ» (١٩٩٨)دا ئەمە دەخوێنینەوە:

«ئەوە شاخە؛ لەم دەراڵی بەردانەدا دۆڵپای داستان

پێ ئەگرێت و ئەفسانە چاوی ئەپشکوێ و مێژوو دەست بە

باهۆزەوە ئەگرێ و ئەڕوا.»

## ١: سروشت: هەرێمی ڕاستەوخۆیەتیی

«ئەوە شاخە؛ لەم دەراڵی بەردانەدا دۆڵپای داستان

پێ ئەگرێت...

لە سیستەمی فەلسەفیی هێگل-دا سروشت شوێنێکی سەرەکیی، بەڵام لە هەمان کاتدا سەرەتایی و بەرایی وەک خاڵی دەستپێکی گەشەی ڕۆح داگیر دەکات، کە هێگل بە هەرێمی ڕاستەوخۆیەتیی و پێداویستیی (*Unmittelbarkeit und Notwendigkeit*) پێناسەی دەکات. لای هێگل سروشت تەنها جیهانی بەرجەستە و فیزیکیی درەخت، ڕووبار و چیاکان نییە، بەڵکو هەروەها کاتیگۆرییەکی مێتافیزیکیشە – هەرێمێکی دەرەکیی، ماتریالیی کە یاسا ئاسنینەکانی هۆکاربەندیی و ڕێکەوتکردیی حوکمی دەکەن. لە کتێبەکەیدا، **فەلسەفەی سروشت**، وەک بەشێک لە **ئینسایکلۆپیدیای زانستە سروشتییەکان**، هێگل سروشت وەک «ئەویدیکە»ی ڕۆح دەهێنێتە پێشەوە، هەرێمێک تێیدا ڕۆح تەنها لە دۆخی نابیرکردنەوەیی و بێباکییدا بوونی هەیە، کە پێداویستیی و زەرووڕەت حوکمی دەکەن نەک

ئازادیی و سەربەستیی. سروشت لەم مانایەدا، ماک و کەرەستەیەکی خاو و ڕاستەوخۆیە کە لێیەوە وشیاریی و خود-وشیاریی لەڕێگەی پرۆسەی دیالەکتیکییەوە سەرهەڵدەدەن. ئێرە ئەم هەرێمەیە تێیدا سەربەستیی شاراوە و نادیارە و تەنها بەشێوەیەکی ماتەوزە هەیە، بەڵام بەدینەهاتووە، چونکە هێشتا ڕۆح لە جەوهەری خۆدیاریکەری خۆی بە ئاگا نەهاتووەتەوە و بێدار نەبووەتەوە. لای هێگل، سروشت ئامانجێک نییە لەخۆیدا، بەڵکو سات و ڕەهەندێکی ناو ئاوەڵابوونی دیالەکتیکیانەی ڕۆحی ڕەهایە، قۆناغێکە تێیدا ڕۆح نادیارە، لەنێو دەرەکێتیی یاسا سروشتییەکاندا گیری کردووە، بەڵام دەیەوێت لەڕێگەی کاری بیرکردنەوە و ئیشکردنی مێژووەوە، ڕاستەوخۆیەتیی خۆی تێپەڕێنێت. جیهانی سروشتیی، لەڕێگەی بازنەکانی هەڵکشان و داکشان، سەرهەڵدان و داڕمانەوە، لەڕێگەی پرۆسە میکانیکیی و ئۆرگانییەکانەوە، خاوەن خود-وشیاریی خۆی یاخود ئامانجداربوونی خۆی نییە کە لە قۆناغە باڵاکانی ڕۆحدا دەیبینینەوە. لەبەرئەوە، سروشت هەم وەک بناغە و هەم وەک چەکێک خزمەت بە پێشکەوتنی دیالەکتیکیی بەرەو سەربەستیی خود-وشیارانە دەکات، کە تێیدا ڕۆح دەست دەکات بە ناسینی خۆی وەک یەکێتیی و ئاشتبوونی نێوان بکەر و بابەت (سەبژێکت و ئۆبژێکت).

ئەگەرچی وا دەردەکەوێت واڵتەر بنیامین لە نیگای یەکەمدا ئاراستەیەکی ماتریالیستیی و مێژوویی بەرەو سروشت بگرێتە بەر، بەڵام بە قووڵبوونەوە تێدەگەین هەم تەواوکەرە و هەمیش گۆشەیەکە لێیەوە دەوڵەمەندیی هزری هێگل دەبینین. لای بنیامین سروشت بەتەنها بریتی نییە لە کاتیگۆرییەکی مێتافیزیکیی، بەڵکو دیاردەیەکە مێژوو گەیاندوویەتی، کاری مرۆڤ، تەکنەلۆژیا و بەرهەمی کولتووریی دروستیان کردووە و فۆرمیان پێداوە. لە بەرهەمە گەورە تەواونەکراوەکەیدا، **پرۆژەی پاساژەکانی پاریس** و لە وتارەکانیدا دەربارەی سوریالیزم و مارسێل پروست، بنیامین سروشت وەک ڕەهەند و لایەنێکی بەجادووییکردن و نامۆبوونی ناو مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەبینێت. لێرەدا وا دەردەکەوێت بنیامین لە گەشبینیی دیالەکتیکیی هێگل جیابێتەوە، کە سروشت وەک قۆناغێکی پێویست بەرەو خود-بەدیهێنانی ڕۆح دەبینێت، بنیامین سروشت وەک تەڵەیەکی ناو «مێژووی سروشتیی» داڕمان و زووتێپەڕیی و کورتخایەنیی لێک دەداتەوە. بە گەڕانەوە بۆ یەکەم کارکردنی لەسەر ئەم چەمکە لە کتێبەکەی ساڵی ١٩٢٦ی خۆیدا، **سەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانیی،** بنیامین سروشت وەک هەرێمێک وێنا دەکات تێیدا بەرهەمە مرۆییەکان و پرۆسە

سروشـــتییەکان بەردەبنەوە ناو یەکترییەوە، ئەمەش شـــلۆقیی، ناســـکێتیی و کورتخایەنیی هەردوو لایەنەکە دەستنیشـان دەکات. لای بنیامین ڕاستەوخۆیەتیی سروشت بریتی نییە لە خـاڵێکی دەســـتپێکی بێلایەن، بەڵکو مەیـدانێکە کەوتووتە نێو شـــوێنپێ مێژووییەکانەوە – وێرانەکـان، کـاڵاکـان و بـابەت و کەرەســـتە لەبیرکراوەکـان کە مۆرکی داهێنـانی مرۆییـان بەنێوچەوانەوە لکێنراوە. جیهانی سروشتیی، لە ڕاستەوخۆیەتییە دەرکەوتە و ڕواڵەتییەکەیدا، هەمیشـە و لە سـەرەتاوە هێزە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی سـەرمایەداریی دەیگوازنەوە، کە سروشـــت دەکەنە نمایشـــێک یاخود ســـەرچاوەیەک بۆ خراپ بەکارهێنان. بەڵام بنیامین هەروەها لە سروشـــتدا ڕەهەند و ماتەوزەیەکی ڕزگارییخوازانەش دەبینێت: لە ســـات و ڕەهەندەکانی ڕۆشـــنایی دیالەکتیکییدا، وەک ڕووبەڕووبوونەوەی سرویالیســـتیی لەگەڵ جوانیی لەمۆدکەوتوو، بەسـەرچوو یاخود ڕاگوزەری دیمەنێکی سروشـتییدا، لێرەدا سروشـت کۆمەڵێک نیگا بۆ هـارمۆنییەکی لەدەســـتچوو یـاخود ئەگەرێکی یۆتۆپیایی ئاوەڵا دەکات. بنیـامین هەروەهـا پێیوایە سروشـــت کەمتر قۆنـاغێکە کە دەبێـت تێبپەڕێنرێـت، بەڵکو ســـەرچاوەیەکە بۆ کۆمەڵێک وێنەی دیالەکتیکیی کە پێشـــکەوتنی ڕاســـتەهێڵیی مێژوو دەوەستێنێت، داوا لە ڕامانی ڕەخنەیی دەکات بیر لە ئێستا بکاتەوە.

## ٢: داستان: سەرهەڵدانی ڕۆحی بکەریی

«ئەوە شاخە؛ لەم دەراڵی بەردانەدا دۆڵپای داستان

پێ ئەگرێت...

تێپەڕین لە سروشـــتەوە بەرەو داســـتان ســـاتێکی بنچینەیی لە ئاوەڵابوون و ئاشـــکرابوونی وشیاریی مرۆییدا دەردەخات کە تێیدا ڕۆح لەڕێگەی نێوبژیوانیی گێڕانەوە و خەیاڵەوە مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، دەســـت دەکات بە چنینی ئەزموونی تاک لەنێو قوماشـــێکی بوونی کۆیی و پێکەوەییدا. لای هێگل بەو جۆرەی لە ***ئێســـتاتیکا: وانەکان دەربارەی هونەرە***

***جوانەکان***دا هەڵوەستەی لەسەر دەکات، داستان قۆناغێکی بنچینەیی نێو گەشەسەندنی هونەر پیشان دەدات، کە لە کۆمەڵگە کۆنە مرۆییەکانی وەک یۆنانی کۆندا، دەرکەوتوون، بۆ نموونە لە ***ئیلیادە و ئۆدیسە***ی هۆمیرۆس-دا. چوارچێوەی دیالەکتیکی هێگل پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات کە داستان بە تەنها فۆرمێکی ئەدەبیی نییە، بەڵکو دەرکەوتە و بەرجەستەبوونی پێشکەوتنی ڕۆحە بەرەو خود-وشیاریی، و دەکەوێتە سەر یەکتربڕی قۆناغە سیمبولیی/هێمانیی و کلاسیکییەکانی هونەرەوە. داستان لەنێو ئەو کولتوورانەدا دەردەکەوێت کە تێیدا ڕۆحی مرۆیی دەست دەکات بە دارشتن و ڕۆنانی پەیوەندیی خۆی بە جیهانی دەرەکییەوە – سروشت، کۆمەڵ و ڕەهەندی خوایی – و ئەم کارەش لەڕێگەی ئەو گێڕانەوە پاڵەوانخوازییانەوە ئەنجام دەدات کە سەبژێکتیڤیتیی/خودێتیی تاک بەرز دەکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا تاکە بەرزکراوەکە لە ژینگەی خۆیشیدا دەهێڵنەوە. ئەم گێڕانەوە هەروا بە سادە و ساکاری بریتی نین لە کۆمەڵێک خەیاڵی ڕووت یاخود حیکایەتی هەڵاتن لە دونیا؛ بەڵکو بەرجەستەکەری وشیاریی کۆیی گەلێکن، وەک نێوانگرێک دەجووڵێنەوە کە لەڕێیەوە کولتوورێک بیر لە بەهاکانی، خەبات و هیوا و خەوانەکانی دەکاتەوە.

بە گۆشەنیگای هێگل، داستان بریتییە لە قۆناغی پێش-ڕامان، و ئەم قۆناغەش بە یەکێتییەکی ڕاستەوخۆ و بەگشتیی زیندوو/ئۆرگانیی نێوان تاک و گشتدا دەناسرێتەوە. لەم قۆناغەدا، ڕۆحی بکەریی – خودوشیاریی ڕوولەگەشەی تاک – هێشتا بە تەواویی خۆی لە جیهانی بابەتیی یاخود خوایی دانەبڕیوە. پاڵەوانی داستان، وەک ئەخیلێس یاخود ئۆسیسوس، لە جیهانێکدا دەجووڵێتەوە تێیدا بکەرێتیی تاک بە چارەنووسەوە بەستراوەتەوە، بە دەستێوەردانی خواییەوە گرێدراوەتەوە و بەندە لەسەر چارەنووسی کۆیی کۆمەڵ. ئەم یەکێتییە ڕەنگدانەوەی ئەو شتەیە هێگل پێیدەڵێت سروشت و خەسڵەتی «بنچینەیی» کۆمەڵگە سەرەتاییە مرۆییەکان، کە تێیدا کردەوەکانی تاک لە ڕەوشت و نەریت و ڕۆحی گشتیی جیانابنەوە. لەبەرئەوەیە داستان بریتییە لەو فۆرمەی گێڕانەوە کە لە هەوڵی ناوەکیی ڕۆح بۆ بەدەرکییکردنی ژیانی ناوەوەی خۆی تێدەگات، دەیخاتە نێو جیهانێکی خوایان، پاڵەوانان و هێزە بنچینەیی و دەرەکییەکانەوە. بەڵام ئەم دانەپاڵە وابەستە بە ڕاستەوخۆیەتیی ڕووداوە دەرەکییەکانەوە دەمێنێتەوە، خاوەن ئەو قووڵاییە نییە کە فۆرمە هونەرییەکانی دواتر وەک تراژیدیا یان فەلسەفیی هەیانبوو و لەڕێگەیانەوە دەیانتوانی

بەخۆیاندا بچنەوە، ئەمەش دەبێتە نیشانی چەندین قۆناغی دیکە لە گەشتی دیالەکتیکیانەی ڕۆحدا بەرەو خود-وشـیاریی. لای هێگل، داسـتان هەنگاوێکی بنەڕەتییە لەم پێشـکەوتنەدا، چونکە ڕێگە بۆ مرۆڤایەتیی خۆشـــدەکات بوونی خۆی بگێڕێتەوە، فۆرم بە ئەزموونەکانی ببەخشـێت و دەسـت بکات بە پرۆسـەی ناسـینەوەی خۆی وەک ئەو بکەرەی دەتوانێت مێژووی خۆی دروست بکات.

هەڵبەت والتەر بنیامین لە کتێبی «حیکایەتخوان»دا کاری لەسـەر پرسی داسـتان کردووە بە وردیی، بێگومـان نزیـک و کـاریگەر بە هێگـل. بۆ نموونە، ئەو حیکـایەتخوانیی زارەکیی خەرمانەگرتووی کۆمەڵی داســتانەکانی پێش مۆدێرن دەخاتە بەرانبەر گێڕانەوە کەرتکەرت و تاگگەرییەکانی سـەردەمی مۆدێرنیتە. بنیامین داسـتانەکان وەک کۆمەڵێک گێڕانەوەی کۆیی و ڕێوڕەســمئاســا دەبینێت کە بەهـا کولتوورییەکـان و حیکمەتی پراکتیکیی («ڕاوێژ») لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە، ئەو حیکمەتەی ڕیشـــەی لە جیهانبینیی پێش-مۆدێرنـدا هەیە کە تێیـدا ڕەهەنـدی مرۆیی و ڕەهەنـدی خوایی ئـامێزانی یەک دەبن. بەپێچەوانەی هێگلەوە، کە داســتان وەک قۆناغێکی دیالەکتیکیی لە گەشـــتی ڕۆحدا بەرەو خود-وشـــیاریی دەبینێت، بنیامین غەمگینە بەرانبەر بە داوەشـــان و ئاوابوونی داســـتان لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەعەقڵانییکردن و بەکـاڵاییکـردنی مـۆدێرنـدا. بەڵام لای هەردوو بیرمەندەکە داســـتان نیشـــانەی قۆناغێکی پێکهێنەرە لە ڕۆحی بکەرییدا، کە دەبێتە پردی پەیوەندیی یەکێتیی پێش-ڕامان و تاکایەتیی خود-وشـــیار و ئەمەش خزمەت بەو بەرهەمە کولتوورییە دەکات کە دەبێتە سـەنگەرێک لە بەرانبەر بە نامۆبوونی سـەردەمی مۆدێرن، و لە هەمانکاتیشدا حیکایەتی شوێن و پێگەی مرۆڤ لە گەردووندا دەگێڕێتەوە.

### ٣: ئەفسانە: دەرکەوتنی هێمایی ڕۆح

« لەم دەراڵی بەردانەدا دۆڵپای داستان

پێ ئەگرێت و ئەفسانە چاوی ئەپشکوێ...

ئەفسانە لە سیستەمی فەلسەفیی هێگلدا قۆناغێکی زۆر سەرەکیی ناو ئاوەڵابوون و دەرکەوتنی ڕۆح پیشان دەدات کاتێک بەرەو خود-وشیاریی و زانینی ڕەها لەبەرەوپێشچوون دایە. لای هێگل، بەو جۆرەی لە ***فەلسەفەی ئایین*** و ***فەلسەفەی هونەر***دا هەڵوەستەی لەسەر دەکات، ئەفسانە بە سانایی بریتی نییە لە کۆکردنەوەیەکی حیکایەت و چیرۆکەکان یاخود بەرهەمە کولتوورییەکان، بەڵکو دەرکەوتەیەکی جووڵەئاسا و داینامیکیی هەوڵی ڕۆحی مرۆییە بۆ تێگەیشتن لە ڕەهایەتیی لەڕێگەی فۆرمە هێمایی/سیمبولییەکانەوە. بە سەرهەڵدانی لە کولتووورە کەونارایییەکانی وەک یۆنان، میسر و هیند، ئەفسانە ڕاستەوخۆیەتیی ئەزموونی هەستەکیی (ئەزموونی سەرەتایی) دەگۆڕێت و دەیباتە نێو گێڕانەوە ئاڵۆزترەکان و هێماکانەوە – خواکان، ڕێوڕەسمەکان و گەردوونەکانەوە – کە فۆرمی مرۆیی/کەسیی بە خوا دەبەخشێت و دەبێتە پردی پەیوەندیی نێوان مرۆڤایەتیی و ڕەهەندی نەمریی/بێدوایەکیی. بەپێچەوانەی داستانەوە، کە لەنێو تایبەتێتیی تاکە پاڵەوانییەکان و خەباتە هاوبەشەکاندا دەمێنێتەوە، ئەفسانە گەشتی ڕۆح بۆ پرسیارە گەردوونییەکانی بوون، هۆکارێتیی و کارکردنی نێوان ڕەهەندی مرۆیی و ڕەهەندی خوایی بەرز دەکاتەوە. لای هێگل ئەفسانە سات و ڕەهەندەکی دیالەکتیکیی نێو گەشەسەندی ڕۆحە، قۆناغێکە تێیدا ڕەها لەڕێگەی وێنەی هەستەکییەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام هەشتا لەنێو ڕشنایی عەقڵانیی و چەمکسازییانەی فەلسەفەدا بەتەواویی دەرک ناکرێت. ئەفسانە وەک پردێکی هێمایی دەجووڵێتەوە کە نێوبژیوانیی نێوان ڕاستەوخۆیەتیی سروشت و وشیاریی ڕامانئاسایی خود-وشیاریی مێژوویی دەکات، بەڵام هێشتا لە قۆناغێکدا دەمێنێتەوە کە هەستەکیی و تایبەتە، خاوەن گشتێتیی سیستەماتیکی بیری فەلسەفیی/ڕامانیی نییە.

هێگل ئەفسانە وەک بەرهەمێکی وێناکردنی مرۆیی دەبینێت کە هەوڵ دەدات لە ڕەهایی تێبگات، لە فۆرمی خوایەتییە بەمرۆڤکراوەکان و گێڕانەوە گەردوونییەکاندا، حەقیقەتە ڕۆحییەکان بەدەرەکیی دەکات. لە **فێنۆمێنۆلۆژیای ڕۆح** و **وانەکان دەربارەی فەلسەفەی ئایین**دا دەڵێت ئەفسانە بیر لە قۆناغی پێش-ڕامانیی وشیاریی دەکاتەوە، لەو شوێنەی ڕەهایی بەشێوەیەکی حەدەسیی (سۆسەیی) نەک چەمکسازانە، دەرک دەکرێت. بۆ نموونە، لە ئەفسانەی یۆنانییدا، خواکانی وەک زیۆس یاخود ئەسینا ڕەهەندە یەزدانییەکان بەرجەستە

دەکەنەوە – دەسەڵات، دانایی، دادپەروەریی – لە کاتێک و لە هەمان کاتدا هەڵگر و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک چۆنایەتیی و ناکۆکیی مرۆییشن. لای هێگل ئەم بەمرۆییکردنەی ڕەهەندی خوایی (*anthropomorphism*) هەم هێز و توانایی و هەم سنووردانان و بێهێزییە: ئەمە وا دەکات وشیاریی مرۆیی توانای دەستگەیشتنی بە ڕەهەندی خوایی هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم حاڵەتە دەبەستێتەوە بە فۆرمە هەستەوەرییەکانی وێناکردن، و ڕێگە لە دارشتن و ڕۆنانی تەواوەتیی عەقڵانیی ڕەهایی دەگرێت. لەبەرئەوە ئەفسانە ڕێگەی ناوەراستی نێو دیالەکتیکی ڕۆح داگیردەکات، ڕاستەوخۆیەتیی سروشت (وەک لە ئایینە سەرەتاییەکاندا باوە) بە سەرهەڵدانی خود-وشیاریی مرۆییەوە دەبەستێتەوە. ئەفسانە قۆناغێکی پێویستی ناوگەشتی ڕۆحە، زەمینە بۆ تێگەیشتنی چەمکسازییانەی فەلسەفە لە ڕەهایی ئامادە دەکات، وەک بەو جۆرەی لە گەشەسەندنەکانی دواتردا دەردەکەون، بۆ نموونە لە مەسیحایەتیی یاخود ئایدیالیزمی فەلسەفییدا. بەڵام هۆشداریی ئەوەش دەدات کە وابەستەیی ئەفسانە بە ڕەهەندی خەیاڵیی یاخود گێڕانەوەیی واتا ئەفسانە بە ناکامڵی دەمێنێتەوە، وەک دەرکەوتن و ئاوەڵابوونێکی لاوەکیی حەقیقەت دەمێنێتەوە کە دەبێت بۆ نێو فۆرمە باڵاترەکانی بیری عەقڵانیی بەرزبکرێتەوە (*aufgehoben*).

ئەگەرچی والتەر بنیامین لە گۆشەیەکی جیاوازترەوە لە ئەفسانە نزیک دەبێتەوە، بەڵام ئەم چوارچێوە هێگلییە بە ڕامانەکانی دەربارەی مێژوو، ئەلیگۆریی و چۆنایەتیی خەرمانەیی فۆرمە هێماییەکان، دەوڵەمەندتر دەکات. لە کتێبەکەیدا **سەرچاوەی درامای ماتەمی ئەڵمانیی** و هەروەها لە تێزەکانیدا دەربارەی مێژوو، بنیامین ئەفسانە وەک قۆناغێکی پێشکەوتوو لەنێو ئاوەڵابوونێکی دیالەکتیکییدا نابینێت، بەڵکو وەک کۆگایەکی یادەوەریی کولتووریی و مانا سەیری دەکات، کە تێکەڵە بە خەرمانە و بەرانبەر بە کورتکردنەوەی شتەکان بۆ تەنها ڕەهەندی عەقڵانیی، دەوەستێتەوە. لای بنیامین هێما ئەفسانەییەکان – وەک خواکانی یۆنانی کەونارا یاخود حیکایەتە گەردوونییەکانی میسر– بەتەنها کۆمەڵێک نزیکبوونەوەی حەدسیی و سۆسەیی نین لە ڕەهەندی ڕەهایی، وەک هێگل دەیگوت، بەڵکو قورساییەکی مێژوویی هەڵدەگرن، دەست بەسەر ئەزموونی کۆیی کولتوورێکدا دەگرن کە بەجۆرێک، کاتی هێڵیی بەجێدەهێڵێت. بەپێچەوانەی هێگلەوە، کە ئەفسانە بەردێکی بناغەیە بەرەو فەلسەفەی عەقڵانیی، بنیامین هێما ئەفسانەییەکان وەک ڕەهەندێکی ئەلیگۆرییانە دەبینێت، کە ئاماژە بە مێژوویەکی دابەش و کەرتکەرت و ناهێڵیی دەکەن. بە ڕوانینی بنیامین

خواکان و ڕێوڕەسـمەکانی ئەفسـانە بریتی نین لە تەنها کۆمەڵە وێنەیەکی هەسـتەکیی، بەڵکو بریتین لە «گەلەسـتێرەکان»ی مانا کە لە یادەوەریی کولتوورییدا دەمێننەوە، حەقیقەتەکان دەربارەی بوونی مرۆڤیی ئاشـکرا دەکەن، کە ڕەنگە ڕۆشـنایی چەمکسـازییانەی فەلسـەفە تاریکی بکەن.

چەمکی «خەرمانە» (*Aura*) لای بنیامین لێرەدا بەتایبەت شـتەکەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئەگەرچی بیرمەندەکە لە دەیەی ١٩٣٠یەکاندا توند ڕەخنە لە چەمکەکە دەگرێت. بنیامین خەرمانە وەک ئامادەیی تاقانەی بابەتێک یاخود هێمایەک پێناسە دەکات کە ڕەگ و ڕیشـەی لەنێو بەسـتێنی مێژوویی و کولتوورییدا هەیە و مانایەکی دووریی و شـکۆ ئاشـکرا دەکات. هێما ئەفسـانەییەکانی وەک پەیکەرەکانی خوایان یاخود ڕێوڕەسـمە ئایینییەکانی هیندی کەونارا، خاوەن ئەم خەرمانەیەن، وا لە بینەر دەکەن بەشـداریی لەنێو بوونێکی کاتیی بکات کە ئێسـتا بە ڕابردووی پێش مێژووییەوە گرێدەداتەوە. لای بنیامین ئەم چۆنایەتییە خەرمانەییە ئەفسـانە لە عەقڵانییەتی لەجادووداماڵراوی فەلسـەفەی مۆدێرن جیادەکاتەوە، کە هێگل نوێنەرایەتیی دەکرد. لەو شـوێنەی هێگل ئەفسـانە وەک قۆناغێکی گرنگ دەبینێت بەڵام دەبێت تێبپەڕێنرێت، بنیامین دەڵێت فۆرمە هێماییەکانی ئەفسـانە خاوەن دەسـەڵاتێکی وەسـتێنەرن و دەتوانن گێڕانەوە ڕوولەپێشـەکانی مێژوو بۆ سـاتێک بووەستێنن. بۆیە ئەفسانە بەم مانایە تەنها پێشینەیەک نییە بۆ فەلسـەفە، بەڵکو مۆدێل و شـێوازێکی بوونیشـە کە وزەی ناوەکیی «ڕزگارییخوازانە»ی مێژووی لەخۆیدا هەڵگرتووە – واتا سـاتەکانی وەسـتان کە تێیدا ڕابردوو بۆ سـاتی ئێسـتا دەدوێت و دەسـتدەکات بە دروستکردنی تەنگژە بۆ هەژموونی پێشکەوتنی عەقڵانیی تەکنیکیی.

### ٣: مێژوو: بەدیهاتنی سەربەستیی و خود-وشیاریی

« مێژوو دەست بە

باهۆزەوە ئەگرێ و ئەڕوا...

لای هێگل مێژوو زنجیرەیەکی ڕووتی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو شـانۆی مەزن و شـکۆمەندی خۆبەدیهێنانی ڕۆحە (*Selbstverwirklichung des Geistes*) کە تێیدا وشـیاریی مرۆیی بەرەو خود-وشیاریی ڕەها و سەربەستیی لەڕێگەی کارلێکی دیالەکتیکییانەی نێوان ئایدیاکان، دامەزراوەکان و کردەوەکانەوە دەڕوات. لە کتێبەکەیدا بەناوی **فەلسـەفەی مێژوو** هێگل مێژوو وەک ئاوەڵابوونێکی عەقڵانیی ڕۆح دەبینێت، پرۆسـەیەک لەڕێگەیەوە مرۆڤایەتیی ڕاستەوخۆیەتیی سروشت تێدەپەڕێنێت و بە سەربەستیی ژیانی ئەخلاقیی (*Sittlichkeit*) و خود-وشیاریی دەگات. ئەم جووڵە دیالەکتیکییە دەبێتە هۆی ئەوەی عەقڵ خۆی لەجیهاندا دەربخـات. مێژوو لەم مـانـایەدا بریتییە لە گێڕانەوەی گەشـتی ڕۆح لە وزەی نـاوەکییەوە (*potentiality*) بەرەو کردەکییبوون (*actuality*)، و تێیـدا کۆمەڵگە مرۆییەکـان بەنێو کۆمەڵێک قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ دەبن – جیهانی خۆرهەڵاتیی، یۆنانیی، ڕۆمانیی و مۆدێرن (ئەڵمانیی) – هەر یەکێکیان لە شوێن و بەستێنی خۆیدا بەشێوەیەکی ڕوولەپێش بەدیهاتنێکی تەواوتری سەربەستیی پیشان دەدەن.

لە جیهانی خۆرهەڵاتییدا، سـەربەسـتیی کورتکراوەتەوە بۆ سـەربەسـتیی یەک کەس، بۆ ستەمکار، کە ئیرادە و ویستە سەرەڕۆکەی حوکم دەکات، و هەموو ئەوانیدیکە دەکاتە پاشکۆ و ئەڵقەلەگوێی دەسەڵاتەکەی. لێرەدا، وشیاریی لەنێو ڕاستەوخۆیەتییەکی پێش-عەقڵانیی و هەڕەمییدا دەمێنێتەوە، کە تێیدا زۆرێک هێشـتا نائازادن و ڕۆحی مێژوو هێشـتا لە قۆناغی کۆرپەلەیی دایە. جیهانی یۆنانیی و ڕۆمانیی پێشـکەوتنێکی لاوەکیی لەم پرۆسـەیەدا ئەنجام دەدەن، هەندێک وەک ئازاد دەبینرێن – هاوڵاتییانی ناو دەوڵەت-شـاری یۆنانیی یاخود کۆماری ڕۆمانیی – بەڵام ئەم ئازادیی و سەربەستییە هێشتا ناتەواوە، چونکە کۆیلەکان، ژنان و بێگانەکان وەدەردەنێت. دیالەکتیکی سـەربەسـتیی لە جیهانی مۆدێرندا (کە هێگل جیهانی ئەڵمانیی بەم جیهانە مۆدێرنە دەبینێت) دەگاتە لوتکە، و تێیدا پرەنسـیپی سـەربەسـتیی گەردوونیی دەردەکەوێـت، لانیکەم لە چەمـک و لە وشـیـاریـیـدا. لێرەدا، دەوڵەت وەک بەرجەستەبوونی ژیانی ئەخلاقیی عەقڵانیی (*Sittlichkeit*) دەبێتە ئەو مەیدان و گۆڕەپانەی تێیدا سـەربەسـتیی تاک و عەقڵی گشـتیی پێکەوە ئاشـت دەبنەوە. لای هێگل، دەوڵەت بە سـانایی و بە تەنهایی بریتی نییە لە دامەزراوەیەکی سـیاسـیی، بەڵکو بەدیهاتنێکی کۆنکریتیی و

بەرجەســـتەی ڕۆحە، و تێـیـدا تـاکەکـان وەک کۆمەڵێـک بکەری مێژوویی لەڕێگەی بەشدارییکردن لە کۆمەڵە عەقڵانیی و ئەخلاقییەکاندا بە خود-وشیاریی دەگەن. لەبەرئەوە، مـێژوو دەبـێـتە پـرۆســـەی نەرێـکـردن و هـاوکـات بەرزکـردنەوە (*Aufhebung*)، کە ڕاستەوخۆیەتیی سروشت و سنوورەکانی فۆرمە پێشـوویە کۆمەڵایەتییەکان دەڕەتێنرێن، و دەچنە نێو سەربەستییەکی عەقڵانیی و خود-وشیارانەی مۆدێرنیتەوە.

زۆربەی جـار، فەلســـەفەی مێژووی هێگل وەک ڕوانینێکی گەشـــبینانە بۆ پێشـــکەوتنی عەقڵانییانەی مێژوو بینراوە و لە بەرانبەردا بیری بیرمەنـدانێکی گوایە ڕەشـــبین بۆ مێژوو لە بەرانبەری دانراوە، لەوانە واڵتەر بنیامین. پێویسـتە سـەرەتا بڵێین هەم تێگەیشـتنی هێگل بۆ مێژوو گەشـــبینـانە نییە و هەم تێڕوانینی بنیـامین بۆ مێژوو ڕەشـــبینـانە نییە و ئەمە ســـادەکردنەوەیەکی هەردووکیانە. هێگل بڕوای بە چالاکیی بەردەوام هەیە بۆ بەدیهێنـانی مێژوو، کەواتە نەک گەشـــبینیی نـاچـالاکـانە، بەڵکو کردەی بەردەوام ئـامـانجی مێژوو بەدیدەهێنێت و بنیامینیش لەلای خۆیەوە بەردەوام باس لە گرتنی ســاتەکانی مێژوو دەکات کە وەک فلاشی کامێرا دەردەکەون و ئەگەر لەســـاتی دروســـتی خۆیاندا نەگیرێن بۆ ئەبەد لەدەســـت دەچن. کەواتە هەردوو بیرمەند بۆ بەدیهێنانی مێژوو جەخت لەســـەر بکەربوونی چالاکانەی مرۆڤ دەکەنەوە.

لە نووسراوە بەنـاوبـانگەکەیـدا، «تێزەکـان دەربـارەی چەمکی مێژوو» (کە لە جیهـانی ئینگلیززماندا بە: تێزەکان دەربارەی فەلســـەفەی مێژوو ناسراوە) (١٩٤٠) بنیامین دەســـت دەکات بە ئاڵنگارکردنی ئایدیا و بیرۆکەی مێژوو وەک مارشـێکی هێڵیی بەرەو ســـەربەســـتیی، لێرەشـدا وا لێکدراوەتەوە بنیامین تێزەکانی دەخاتە بەرانبەر ئایدیالیزمی هێگلیی بۆ مێژوو وەک باوەڕێکی نەگۆڕ بۆ پێشـــکەوتنی ســـەربەســـتیی. کاتێک لەگەڵ پەلاماری نازیزمدا بۆ پاریس تێزەکانی دەنووســـێت، بنیامین مێژوو وەک کێڵگەیەکی نابەردەوامیی وێرانەکان دەبینێت، کە قوربانیان و چەوســـاوان تێچووی ئەو شـــتە دەدەن پێیدەگوترێت پێشـــکەوتن. تێڕوانینی بنیامین بۆ مێژوو جەختکردنەوەیە لەسەر «ساتی ئێستا» (*Jetztzeit*)، کە ڕابردوو و ئێستا تێکەڵی یەک دەبن بۆ وەســـتـانـدنی بەردەوامیی مێژوو. هەڵبەت هێگل-یش مێژووی وەک شتێک دەبینی بۆ تێگەیشتن لە ئێستا و گۆڕینی داهاتوو.

لای بنیامین مێژوو بریتییە لە گەلەستێرەیەکی ئەو سات و ڕەهەندانەی کۆمەڵێک بەڵێنی بەدینەهاتوویان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، و ئەرکی مێژوونووسیش بریتییە لە «تەقاندنەوە»ی ئەم بەردەوامییە لەڕێگەی زەقکردنەوە و بانگکردنەوەی دەنگە بێدەنگکراو و سەرکوتکراوەکان. ڕوانینی بنیامین بۆ مێژوو لە بنەڕەتەوە ڕەنگدانەوەی دیالەکتیکی هێگلە بەڵام لەبری بکەرە ڕاستەوخۆکانی مێژوو، لای بنیامین ڕەهەندێکی کۆیتر دێت، کە پێیدەڵێت «ساتی مسیانیی» و لە بنەڕەتدا نزیکە لە چەمکی شۆڕش لای کارل مارکس، و مێژوو وەک دید و لایەنێکی ڕزگاریی دەبینێت نەک سەرکەوتن. «فریشتەی مێژوو»ی بنیامین، بە وەرگرتن لە «فریشتەی نوێ»ی پاول کلی، زەق زەق لە وێرانەکانی ڕابردوو دەڕوانێت، کە بەهۆی بای پێشکەوتنەوە نەک بەرەوپێشەوە، بەڵکو بەرەو ڕابردوو فڕێدەدرێت، و لێرەدا ڕوانینی بنیامین بۆ مێژوو، ڕوو لە ڕابردووە بۆ بێدارکردنەوەی دەنگە کپکراوەکان و ڕوانینی هێگل ڕوولەداهاتووە بۆ ڕزگارکردنی ئێستا و بونیادنانی داهاتوو. جیاوازیی لای دوو بیرمەندەکە بریتییە لە ئاوەڕدانەوە بۆ ڕابردوو و نیگابڕین لە داهاتوو، بەڵام هەردووکیان لەوەدا کۆکن، کە ڕابردوو ئەگەر ڕزگار نەکرێت، داهاتوو بوونی نابێت.

## ٤: شێرکۆ بێکەس: پردی پەیوەندیی هێگل و بنیامین

ئێمە لێرەدا دەتوانین دوو جیهانی شیعریی بخەینە بەرانبەر یەک: جیهانی شیعریی ئەڵمانیی سەردەمی ڕۆمانتیسیزم کە خۆراکی خۆی لە سروشت وەردەگرێت، و بکەری مرۆیی تێیدا دەستەوەستان و ناکاریگەرە و ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ پەلاماری ڕەخنەیی هێگل و بنیامین بۆ سەر چەمکی سروشت لە ئەدەبی ئەڵمانییدا، بەوەدا سروشت دەرنشینە و باڵایەتیی بەسەر مرۆڤدا هەیە و بوونی مرۆڤ ون دەبێت، یاخود دەکرێتە پاشکۆ. لە بەرانبەردا ئێمە خاوەن جیهانی شیعریی کوردیین، کە تێیدا سروشت لە پەیوەندیی دوولایەن دایە لەگەڵ مرۆڤ. سروشت دەتوانێت ببێتە پەناگا بۆ ڕزگاریی، بەڵام ناتوانێت بە تەواوەتیی حوکمی مرۆڤ بکات، چونکە ئەوە بکەری مرۆییە بە نیگاکانی دەتوانێت سروشت ڕاڤە بکات، مانای پێبدات و ڕەهەندی سیاسیی پێببەخشێت، کە پێناسەکەرەکەی مرۆڤە، نەک سروشت پێناسەی مرۆڤ بکات. ئێمە لە شیعری کوردییدا فۆرم و ڕەهەندێکی «بەمرۆییکردنی سروشت» دەبینین، لەکاتێکدا لای ڕۆمانتیسیزمی ئەڵمانیی، ئێمە بەر «بەسروشتیکردنی مرۆڤ»

دەکەوین. سروشـــت چالاک و مرۆڤ ناچالاک. دیارە لێکۆڵینەوە لەم پرســـە بابەتی ئەم توێژینەوەیە نییە و من لە بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی کتێبی «ســـەما لەســـەر گڕکان» بەتـایبەت لەو بەشـــەی بۆ «ئەفســـانەی بنەڕەت: بەســـیاســـییکردنی دار و تەختە» تەرخـانمکردووە، بە دوور و درێژیی باس لەم ڕەهەنـدەی «بەسروشـــتییکردنی مرۆڤ» لە فەلسـەفە و هونەر و ئەدەبی ئەڵمانییدا دەکەم. لێرەدا دەمەوێت ڕاسـتەوخۆ بپەڕمەوە سـەر ئەم بڕگەیەی شێرکۆ بێکەس کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵمبژاردووە.

سروشـــت، شـاخ (چیا) لە نەریتی کوردییدا، هاوشـێوەی ئەڵمانەکان ڕەهەندی سـیاسـی وەردەگرێت، واتا لە ڕەهەندی ڕاسـتەوخۆیەتیی دەکەوێت، «هیچ دۆسـتێکمان نییە جگە لە چیاکان»، دەنگدانەوەی قووڵی ئەم سـایکۆلۆژیا سـیاسـییەن کە مێژووی کوردی پێدا تێپەڕ دەبێت. بەڵام ئەم بەسـیاسـییکردنەی سروشـت مێژوویەکی تازەتری هەیە بەراورد بە نەریتی ئەڵمـانەکـان، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـەردەمی ڕاپەڕینی هۆزە ژەرمەنەکـان دژی ئیمپراتۆریای ڕۆمـانیی، بەتـایبەت بەوەدا کە ئیمپراتۆریاکە لە زێدەتر لە نـاوچە تەختەکـانـدا دەیتوانی باڵادەسـت بێت و نمایشیـ دەسـەڵات بکات، تا لەو شـوێنانەی بە دارسـتانی چڕ ناسرابوون، لەوانە ئەڵمانیا. دارســـتان لە نەریتی ئەڵمانییدا، و چیا لە نەریتی کوردییدا ئەم پێگەیە وەردەگرن. دارسـتان دەبێتە دۆسـتی هۆزە ژەرمەنەکان کە ڕێگەیان بۆ خۆش دەکات بەردەوام بۆسە بۆ سوپای ڕۆمانیی دابنێن و لە چاوتروکانێکدا خۆیان حەشار بدەن. پەلاماری هۆزە ژەرمەنەکـان بۆســـەر ئیمپراتۆریـای ڕۆمـانیی، کۆتـایی ئەم ئیمپراتۆریەتە مەزنەی لێدەکەوێتەوە، کە زیاتر لە نیوەی سـەر زەوی داگیرکردبوو. تەنها شـوێنێک دەسـتی بەسـەردا نەدەڕۆیشـت، ناوچە ئەڵمانییەکان بوو، ئەویش بۆ هەڵکەوتە جیوگرافییەکەی دەگەڕایەوە. لەم ڕووەوە ســەردەمی ڕۆمانتیســیزمی ئەڵمانیی، بە ســەردەمی باڵای شــیعراندنی دارســتان نـاسراوە. دیارترین شـــیعرســـازانی دارســـتانبینیی بریتین لە لودڤیگ تیک، یۆزێف فۆن ئایشــندۆرف، تیۆدۆر شـتۆرم، فریدریش گۆتلیب کلۆپســتۆک و هتد. ئەم دارسـتانبینییە بۆ سـەردەمی شاعیرانی مۆدێرنیش پەڕیوەتەوە، کە لە بنەڕەتدا خەریکی شیعراندنی شارسـتانێتیی و شارسازیی بوون دژی سروشت، لەوانە، ڕاینەر ماریا ڕیلکە:

«ئا لەوێ بووی تۆ وەک دارستان ڕەگداکوتاو،

و خاوەن هەزاران قووڵایی بووی،

و خۆت دەبوویتە دارستانی چڕ و فراوان،

و لە قووڵایی تاقانەیی و سەمەرەییتەوە،

دەنگانێکی زۆر هاواریان دەکرد».

شیعراندنی دارستان بەڕادەیەکی وەها سیاسیی گەیشتبوو، وایکرد ئەو بیرمەندانەی خەریکی هزراندن و فەلسەفاندنی پرۆسەی شارستانێتیی بوون، هۆشداریی قووڵ دژی دارستانبینیی و دارستانپەرستیی بدەن، کە خەریکە دەبێتە سەروەری مرۆڤ، نەک شوێنێک بۆ حەوانەوەی مرۆڤ و سەیرکردنی وەک ئۆبژێکت/بابەتێکی جوانیی. بەسیاسییکردنی دارستان واتا لەسیاسەتداماڵینی مرۆڤ. هێگل لە یەکەم ئەو بیرمەندانە بوو دژی ئەم ڕەوتە وەستابووەوە. هێگل **مێژووی جیهان** وەک ڕەهەندی پێچەوانەی سروشت دەبینێت. لە مێژوودا شۆڕش ڕوودەدات، لە سروشتدا، دژە-شۆڕش: «ئەگەر دارستانە ئەڵمانییەکان هێشتا [بەوجۆرە مابان و لەوێ هەبان] بەدڵنیاییەوە هەرگیز شۆڕشی فەڕەنسیی ڕووینەدەدا» (وانەکان دەربارەی فەلسەفەی مێژوو). بەڵام جیاوازیی سروشتبینیی لەنێوان کورد و ئەڵمانەکاندا ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی چیابینیی دەبێتە سەرچاوەیەکی سایکۆلۆژیای سیاسیی، بەڵام هاوکات پەناگەیەکیش بۆ شۆڕش. وەک لەو بڕگەیەی شێرکۆ بێکەسدا دەیبینین کە لە سروشتدا داستان لەدایک دەبێت، و داستانیش ڕێگەی خۆی بۆ ئەفسانە دەکاتەوە، بەڵام هەموویان لە کۆتاییدا خۆیان بە مێژوو دەسپێرن.

هەم لەنێو دارستاندا و هەم لەنێو چیادا، داستان لەدایک دەبێت؛ ئەمە ئەو شتەیە هێگل ستایشی- دەکات و ناوی دەنێت: **ساتی نەتەوەیی** (*monumenta nationum*). کاتێک سروشت وا دەکات نەک سەروەری داستان، بەڵکو شوێنێک بێت بۆ لەدایکبوونی داستان، «ئەوە شاخە؛ لەم دەراڵی بەردانەدا دۆڵپای داستان پێ ئەگرێت» دەبینین لای بێکەس سروشت دەبێتە مەیدانی لەدایکبوونی ئەو شتەی دەتوانین بە قۆناغە یەکەمەکانی گەشەی گەلێک ناوی ببەین کە تێیدا داستان، یاخود داستانی یەکەم (*original epic*)، بناغەی وشیاریی گەلێک/خەڵکێک پێکدەهێنێت. داستان کە لەدایک دەبێت ئاسانکاریی بۆ ئەوە

دەکات لە فۆرمی ســـەرەتایی، ناڕوون و لێڵی وشـــیارییەوە بەرەو قۆناغێک بپەڕینەوە تێیدا هەســـت بە توانای بەرهەمهێنانی جیهانی تایبەتی خۆمان بکەین و هەســـت بکەین لەو جیهانەدا لە ماڵی خۆمانین. داستان شوێنی بەرهەمهێنانی جیهانبینییەکی نوێ و وشیارییەکی نوێیە بۆ جیهان چۆن بە هی خۆمانی بزانین و چۆنیش تێیدا بژین. داســـتان یەکەم بەردی بناغەی ئەو شـــتە دادەنێت کە زۆر درەنگتر پێیگوترا «ناســـنامەی هاوبەش». داســـتان هەروەها دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ فۆرمبەخشـــین بە باوەڕە ئایینییەکان و نۆرم و بەها ئەخلاقییەکانی گەلێک کە وایان لێدەکات ببنە گەلی ئەبەدیی و نەمر. لەبەرئەوە هێگل داســـتانی وەک دیاردەیەکی کولتووریی و مێژوویی دەبینێ کە دەبێتە ئامرازێکی بنچینەیی بۆ هێشتنەوە و ڕاگرتن و هەروەها ڕوونکردنەوەی تێگەیشتنێکی هاوبەشی ئەخلاقیی و باوەڕیی بۆ جیهان، واتا گشـــتێتیی ئەو پەیوەندییە جەوهەرییانەی دەســـەڵاتی بیرکردنەوە و بەهاکان دەربارەی وشیاریی مێژوویی بەدەستەوە دەگرن.

ئەفســـانە قۆناغی دوای سروشـــت و داســـتانە، واتا بەرزترین قۆناغی وشـــیاریی مرۆییە پێش سەرهەڵدانی وشیاریی مێژوویی. ئەفسانە توانای دانانی بناغەی پتەوتری بۆ وشیاریی مێژوویی گەلێک هەیە. لەم ڕووەوە ئەفســـانە دەتوانێت مۆرکی ئەو قۆناغە ســـەرەکییە بێت کە تێیدا ڕۆح دەردەکەوێت و خۆی ئاوەڵا دەکات و بەرەو خود-وشـــیاریی و زانینی ڕەها دەڕوات تا دەگاتەوە بە مێژوو و لەوێدا سوکانی گەشتەکە ڕادەستی مێژوو دەکات: «دۆڵپای داستان پێ ئەگرێ و ئەفسانە ئەپشکوێ»، بێکەس بە وردیی گوزارشتی لەمە کردووە. ئەفسانە لێرەدا بە سانایی بریتی نییە لە کۆکردنەوەیەکی حیکایەت و چیرۆکەکان یاخود بەرهەمە کولتوورییەکان، بەڵکو دەرکەوتەیەکی جووڵەئـــاســـا و دینـامیکیی هەوڵی ڕۆحی مرۆییە بۆ تێگەیشـــتن لە ڕەهایەتیی لەڕێگەی فۆرمە هێمایی/ســـیمبولییەکانەوە. بێکەس هەوڵدەدات ڕۆحی مرۆڤی کورد لەم گەشـــتەدا پوخت بکاتەوە و وێنای بکات. بەڵام گرنگترین و دوا قۆناغ لێرەدا ئەوەیە کە مێژوو دەست بە گەشتەکەی دەکات:

« مێژوو دەست بە

باهۆزەوە ئەگرێ و ئەڕوا»

مێژوو بریتی نییە لە گێڕانەوەی ڕابردووان، لە حیکایەتی «گەورەپیاوان»، مێژوو شتێکە هەمیشە ڕووی لە ئێستا و لە داهاتووە. لە نەریتی باوی مێژوونووسییدا، ئێمە بەردەوام پێمان دەگوترێت مێژوو واتا زانینی ڕابردوو، چیرۆکی مەزنەکان و شارستانێتییەکان، بەڵام کەمترین شتمان لەسەر ئەوە پێدەگوترێت چۆن مێژوو بکەینە گۆشەنیگای ئێستا و داهاتوو. لە نەریتی فەلسەفەدا هێگل یەکەم بیرمەند بوو بە ڕادیکاڵیی گۆڕانی بەسەر تێگەیشتنماندا هێنا بۆ مێژوو. لێرەوە ئێمە دەتوانین لەبری چەمکی مێژوونووسیی، چەمکی «مێژووبینیی»، واتا بینینێک بۆ مێژوو بۆ بیرکردنەوە لە ئێستا و داهاتوو. مێژوو بریتی نییە لە خولانەوەیەکی بازنەیی، یاخود خولانەوەی ئەبەدیی سیزیفیی، مێژوو داینامیکی هەیە و دەڕواتە پێشەوە، بەڵام لێرە و لەوێ، زۆربەی جار، دەوەستێت و ئێستێک دەکات. مێژوو جووڵەیە لەڕێگەی پێکدادان لەگەڵ ئێستادا. لە شۆڕشەکاندا، لە خەباتە سەربەخۆییەکاندا، لە جەنگە کولتوورییەکاندا، ئەو ساتانەیە مێژوو دەوەستێت و بیر دەکاتەوە. والتەر بنیامین ئەم دیالەکتیکی جووڵە و وەستانەی مێژوو لە وێنەیەکدا دەگێڕێتەوە:

«لە شۆڕشی مانگی جولایدا شتێك ڕوویدا و ئەوەی ڕوون کردەوە، کە ئەم وشیارییە هێشتا زیندووە. لەیەکەم ئێوارەی جەنگەکەدا ڕوون بووەوە لە خاڵە جیاوازەکانی پاریسدا، کەسانێك بەشێوەی هاوکات، بەڵام جیا و دوور لەیەکتر، تەقە لە کاتژمێرە گەورەکانی سەر بورجەکان و مەیدانەکانی شار دەکەن، شایەتحاڵێکی زیندوو، کە ڕەنگە لەم بینینەی خۆیدا ئیلهامی لە هونەری کێش و سەروا وەرگرتبێت، دەنووسێت:

کێ باوەڕی دەکرد! وەك پێمان دەڵێن

لە خوارەوەی هەر بورجێك،

یوشەعە تازەکان هەن

پێدەچێت لە خودی کات تووڕە بووبێتن

تەقەیان لە کاتژمێرە قورمیشدارەکان دەکرد

تا ڕۆژ بووەستێنن».

لێرەدا دەبینین مێژوو خۆی بە ساتی ئێستادا دەکات، تا ڕۆژ بووەستێنێت، ئەوەی ڕوویداوە، کۆی بکاتەوە و لێیان بڕوانێت، ئینجا ڕەوت و داینامیکەکە بخاتەوە جووڵە. مێژوو هەمیشە وەک باهۆز و تۆفان دێت، لەگەڵ باهۆز و تۆفانیشـــدا ڕێدەکات. لەم دێڕانەی بێکەس-دا «مێژوو دەست بە باهۆزەوە ئەگرێ و ئەڕوا»، گەڕانی مێژوومان بەرەو سەربەستیی پیشان دەدات، جووڵەیەکی بێکۆتایی مرۆڤی کورد. مێژوو لەم بینینەی بێکەس-دا بریتییە لەو پرۆسەیەی جاروبار یاخود دەوەستێنرێت و دەستپێدەکاتەوە، یان ناوەستێت تا نەگاتە سەربەستیی. وەستاندنی مێژوو لەلای مرۆڤی کورد دوو ڕەهەندی هەیە: ناچاریی و خۆویست. ناچاریی ئەو ساتانەیە کە کارەساتەکان و هێزە دەرەکییەکان دەیوەستێنن: داگیرکاریی، جینۆساید، سڕینەوە. بەڵام خۆویست ئەو ساتانەیە مرۆڤی کورد مێژوو دەکاتەوە هاوڕێ و یاوەری باهۆز و تۆفان دژی داگیرکاریی، جینۆساید و سڕینەوە. مێژوو لێرەدا ئەو «تۆفانی بەهەشت»ەیە لە دوو شوێنەوە هەڵدەکات: ناچاریی و خۆویست. ئێمە زۆرجار دەوەستین و ئێستێک دەکەین بزانین چیمان بەسەر هێنراوە، هەرکە وردەکارییەکانمان زانین، مێژوو بە تۆفان و باهۆز دەسپێرینەوە. هەر ئەوەی ئێمە لە سروشتەوە دەستپێدەکەین، لەسەر کەنارەکانی داستان لەنگەر دەگرین، تۆوی ئەفسانە دەچێنین و پاشان ملی ڕێگە دەگرینەوە، پێمان دەڵێت گەشتی ئۆدیسەیی مرۆڤی کورد لەگەڵ مێژوودا، هەمیشە ڕووی لە داهاتووە نەک لە ڕابردوو. مرۆڤی کورد هەمیشە لەم گەشتەدا لە جووڵە دایە، جووڵەیەک بەرەو داهاتوو. لێرەوە دەتوانین بڵێین بێکەس دەیەوێت پێمان بڵێت: هاوڕێترین کەس بۆ مێژوو بەرەو داهاتوو، ڕۆحی مرۆڤی کوردە. بەڵام ئەم مێژووەش دەبێت لە شوێنێک لەنگەر بگرێت: سەربەستیی و ژیانی ئەخلاقیی، کە بە ڕەهایی دەبێت لە دەوڵەتدا بەدیبێت.

**سەرچاوەکان:**


- Hegel, *Enzyklopädie der philosophischen Wissenschaften im Grundrisse 1830. Erster Teil. Die Wissenschaft der Logik*, Suhrkamp Taschenbuch Wissenschaft, Frankfurt am Main, 1986.
- Hegel, *Phänomenologie des Geistes*, Suhrkamp Taschenbuch Wissenschaft, Frankfurt am Main, 1986.
- Hegel, *Vorlesung über die Ästhetik*, Suhrkamp Taschenbuch Wissenschaft, Frankfurt am Main, 1986.
- Hegel, *Vorlesungen über die Philosophie der Geschichte*, Suhrkamp Taschenbuch Wissenschaft, Frankfurt am Main, 1986.
- Rainer Maria Rilke, *Die Gedichte*: Nach der von Ernst Zinn besorgten Edition der »Sämtlichen Werke«, Insel Verlag, 1988.
- Walter Benjamin, *Thesen über den Begriff der Geschichte*, Werke und Nachlaß. Kritische Gesamtausgabe, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2010.
- Walter Benjamin, *Ursprung des deutschen Trauerspiels*, Suhrkamp Verlag, Frankfurt am Main, 2000.
- پێشڕەو محەمەد، سەما لەسەر گڕکان: نیچە و هونەری سەرتاپاگیر، بەرگی یەکەم، پلاتفۆرمی مینێرڤا، سلێمانیی، ٢٠٢٢.
- پێشڕەو محەمەد، کەرنەڤاڵی شکستخواردووان: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ تێزەکان دەربارەی چەمکی مێژووی واڵتەر بنیامین، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانیی، ٢٠٢١.
- شێرکۆ بێکەس، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاپیک-سوید ستۆکهۆڵم، چاپی یەکەم، ١٩٩٨.